## عەرەبەکانی کوردستان ئێرلاین لەماڵی خۆماندا تەلفۆنمان بەسەردا دادەخەنەوە. . . ئیسماعیل حەمەلاو




چەندە خۆش بوو بۆ ئێمەی کورد کەبیستمان هێڵکی ئاسمانی دادەمەزرێ و ناوی (کوردستان ئێر لاین) ە، چەندە خەونێکی وەنەوشەیی بوو کەئیدی سواری فرۆکەیەك بین هەڵگری سیماو ڕەنگ و بۆی کوردی و کوردستانی بێت. بەداخەوە ئەم هەموو خەونە زۆر زوو، کەهێشتا فرۆکەکانی کوردستان ئێرلاین نەفڕیبوون، وەك شێرە بەفرینە توانەوەو ناشرین بوون. . . بۆ ئەوەی خوێنەر و بەرپرسانی کوردستان ئێرلاین و فرۆکەخانەی هەولێر زیاتر نەخەمە بەر دەمی تەمومژەوە ئەوا چیرۆکەکە لە سەرتاوە دەگێرمەوە:

بەڕێزان من لەمانگی مای 2005 دا تەلفۆنم کرد بۆ ژمارەیەك کەگوایە ئەمە ژمارەی تەلفۆنی کوردستان ئێرلاینە لە فرانکفۆرت و ئەوان ڕیکلامیان کردووە بۆ هێڵەکەیان و دەیانەوێت پشتگیری بکرێن و نەفەریان هەبێت. لەو هەستەوەی کەدەبێت ئێمە لەداهاتوودا هەر بەو هێڵەئاسمانیە کوردیە بفڕین و پارەی خۆمان بدەین بە کوردی خۆمان چاکترە و ئەرکێکی هەمووانە پشتگیری ئەم هێڵە ئاسمانیە بکەین، تەلفۆنم کرد بۆ بیرۆی (مەکتەبی) هێڵە ئاسمانیەکە، ئەوەی کەسەیر بوو لام و پێی ڕانەهاتبووم شێوازی قسەکردنی ئەو ئافرەتەبوو کەلەگەڵ مندا قسەی کرد کەنەدەگونجا لەگەڵ شێوازی قسەکردنی بیرۆ ڕەسمیەکانی ئەم وڵاتە وبە بەئەڵمانیەکی زۆر شکاو قسەی دەکرد، کەمەجبوربووم زۆر وشە و دەستەواژەی ئاسانی لەگەڵدا بەکار بهێنم و منی تووشی سەر سوڕمان کرد. خانمەکە هاتە تینی گووتی تۆ ئێراقیت؟، منیش گووتم دەتوانم بڵێم کوردم. ئیستێکی کرد و گووتی باشە عەرەبی دەزانی؟، منیش بەسەرسوڕمانەوە پێمگووت: بۆ ئێرە کوردستان ئێرلاین نیە!، گووتی: بەڵێ خۆیەتی!، ئیدی من هیچی دیکەم نەگووت و پێمگووت: باشە با بەعەرەبی قسەبکەین. . داوای ڕوونکردنەوەم لێکرد وخاتونەکە گووتی کە گووایە ئەو ناوی (باسمە محمد) ە و لێپسراوی ئەم ئۆفیسەیەو بۆ مانگی هەشت و نۆ فرۆکە بۆ هەولێر بەڕاستەوخۆیی لە فرانکفۆرتەوە دەفڕێت و من دەتوانم مانگێکی دیکە تەلفۆنی بۆ بکەم. منیش بۆ ئەو خاتونەم ڕوونکردەوە کە خۆی دەزانێ لەئەورووپادا کارکردن و مۆڵەت هەمووی دەبێت پێشینە پلانی بۆ دابنێیت دەنا مرۆ کار و وەزعی لێتێکدەچێت و هیوادارم کە زانیاریەکانتان لەئاستی پێویستدا بێت، بۆ ئەوەی ئێمەش بزانین مۆڵەتەکانمان کەی وەربگرین و کەی و لەچ کاتێکیشدا پێویستە بگەڕێینەوە، خاتونی لێپسراو گووتی دەبێت ئێوە لەوە تەئکید بن. . .

من سەرم لەدوو شت سوڕما، یەکەمیان ئەوە بوو بۆ کوردستان ئێرلاین کوردێکی بەتوانای دەست نەکەوت بۆ هێڵە ئاسمانیەکەی، کەئەمە پرنسیپێکی سادەی کارکردنە کەهێڵە ئاسمانیەکان، بەتایبەت بەڕێوبەرکان هەڵگری خاسیەتی زمانەوانی و سروشتی ئەو هێڵەن،

كەچی بەڕێوبەری ئۆفیسی كوردستان ئێرلاین لەفرانكفۆرت ناتوانێت بەكوردی قسەبكات!!، سەرەڕای ئەوەش زمانی ئەو وڵاتەش باش نازانێت كەتێدا نیشتەجێیە!!. كوردستان ئێرلاین بۆ ئۆفیسەكەی لەئەڵمانیادا كوردیان دەستناكەوێت و كورد ئەوەندە نەزانن و نەخوێندەوارن كەلەئاست ئەو كارەدا پەیدا نەبن؟!!، من ئەمە بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵم و خۆیان دەتوانن تەلفۆن بكەن و لەگەڵ (باسمە خان) دا قسە بكەن، كەجگە لەئەڵمانیەكی سەرجادە زیاتر نەبێت هیچی دیكە نازانێت، ئەوە جگە لەوەی یەك وشە كوردیش نازانێت. ئەمەش قەیدی نیە و ئێمەی كورد ڕاسیست و ڕەگەزپەرست نین و گرنگ ئەوەیە ئەو هێڵە ئاسمانیە كوردیە كەجێگەی شانازی ناسیونالی ئێمەیە، كاری مەیسەر بێت و هێڵێكی ساوایە وەك حكومەت و فڕۆكەخانەكەنمان.

بەداخەوە خەونەكەم نەهاتە دی و من لەڕێگەی دیاربەكرەوە هاتمەوە بۆ كوردستان و كەگەڕامەوە بۆ ئەڵمانیا، خوشكە گەورەكەم پێیڕاگەیاندم كە ئەو لە 2005-09-12 لەفرانكفۆرتەوە بۆ هەولێر و بەڕاستەوخۆ دەفرێت و گووتی خۆشحاڵم بەوەی كەچیتر بلیت لەبێگانە نەكرم و بەشانازیەوە بەفرۆكەی كوردی و لەفرۆكەخانەی كوردی دادەبەزم، من تەنها ئەوەندەم بەخوشكەكەم گووت كەئایا ئەو بلیتی بۆ هاتووە؟، وەڵامی ئەو بەنەخێر بوو، گووتی كە (باسمە) بۆی حجزكردووین و لە دوازدەی مانگ لەوێ فرانكفۆرت پارەكە دەدەین، من كەوتمە گومانەوە و لێمپرسی و گووتم: كەواتە وەرەقەی حجزی بەپۆست بۆ ناردووی، بەمۆر و ناو و شوێنی هەلفڕین ونیشتەنەوەی؟!. وەڵامی ئەمیش بە نەخێر بوو، گووتم ئەی باشە كێ دەڵێت كەتۆ دەچیت بۆ ئەوێ و ئەو هەموو پارەیەی بلیتی شەمەندەفەر و هاتوچۆ سەرف دەكەی، كێ دەڵێت ئەوان لەوێن و سبەینێ ئەوان داوی لێبوردن دەكەن و تۆش مۆڵەتی ساڵانەت لەكیس دەچێت و بێگومان دەبێت تاوەكو ساڵێكی دیكە چاوەڕوانی مۆڵەتێكی تر بیت. . ئەم قسانەم بووە هۆی ئەوەی كەخوشكم تەلفۆن بۆ (باسمە محمد) بكات و ئەمجارەیان ئافرەتێكی دیكە هەڵیگرت، ئەمیش دیسانەوە عەرەب بوو و زۆر بە شێوزایێكی ناشرین گووتی كەباسیمە لێرە نیە و تەلفۆنەكەی داخستەوە!!. ڕۆژی دوایی خوشكم تەلفۆنی كردبوو لەگەڵ (باسیمە) و ئەویش گووتبووی كەهێشتا حیجزی نەكردووە، بەڵام خەمی نەبێت!، خوشكم گووتبووی: ئەوە مانای چیە من هەفتەیەكم ماوە بۆ سەفەر و تۆ دەمێك دەڵێیت حیجزم كردووە و ئێستاش كەداوای حیجزەكەت لێدەكەم دەڵێی من حیجزم نەكردووە، ئەمە چەندی بەچەند، دەزانی ئەمە گرفتی یاسایتان بۆ دروست دەكا، ئەوەندە ئاسان نیە مۆڵەتی ساڵانەی هاوڵاتیەك لەم وڵاتەدا تێكبدەن!!، باسیمە كەپێدەچێت ئاگای لە كارو شێوزای كاركردن نەبێت لە ئەڵمانیادا، گووتبوی ناونیشان و ژمارەی پاسپۆرتم هەر ئێستا بەفاكس بۆ بنێرە، من ئێستا لەسەر فاكسەكەم بۆئەوەی بۆتی حیجز بكەم. خوشكم بەپەلە لەشوێنی كارەكەیەوە تەلفۆنی بۆكردم كەدەبێت فاكسێكی لەو جۆرە بكەم و چاوەڕێش بكەم چونكە (باسمەخان) ی بەڕێوبەر یەكسەر فاكسمان بۆ دەكاتەوە. . گەلی برادەرینە من فاكسەكەم كرد بۆی و كاتژمێرێكیش چاوەڕێمكرد هەر فاكسی نەكردەوە و چووم بۆ سەر كارو شەویش كەهاتمەوە فاكسە بۆری كوردستان ئێرلاینی باسمەخان نەكرابوو. . . . ڕۆژی دووەم خوشكم بەگومانەوە تەلفۆنی كردبۆوە بۆ بیرۆكەیان و ئافرەتێكی عەرەبی دیكە هەڵیگرتبوو، ئەو ئافرەتە ئاگای نەلەفاكس و نەلە گەشتی نێوان فرانكفۆرت هەولێر بووە!!، گوتبووی گوایە فاكسی ئاوەها دوێنی گەیشتووە بەڵام نازانێت لەكوێی داناوە و باسمە لەوێ نیە و ژمارەی مۆبایلەكەی باسمەی دابووێت. . ئیدی دەركەوت كەس ئاگاسی لەوی دیكە نیە و كوردستان ئێرلاین و خانمە عەرەبەكانی (خوا پێم نەگرێ) مونافەسەی یەكتر دەكەن و ئەوراقی مەعمیل لەیەكتری دەشارنەوە!!. باسمە گوتبووی تكایە فاكسەكەم بۆ جاری دووهەم بۆ بكەنەوە و دیسانەوە كردمانەوە و بەهەمان

دەردی جاران چووین و دوو ڕۆژ تێپەڕی و هیچ حیجزێکی نەنارد. کەدوایی خوشکم بەئۆفسیەکەی گوتبوو: ئاخر ئێمە مولتەزمین بە کارەوە، زۆر بازاڕیانە وەڵامیان دابۆوە و گوتبوویان: خۆ هەر تۆ کار ناکەی خوشکم، ئێمەش کار دەکەین!. بێگومان خوێنەری ئازیز ئەمە مۆدێرنترین شێوازی گفتوگۆی هێڵی ئاسمانیە لەگەڵ مەعمیلەکانی و داهێنانی عەرەبەکانی کوردستان ئێرلاینی فرانکفۆرتە. . . سەرتان نەیەشێنم دیسانەوە تەلفۆن کرایەوە و جارێك باسمەخان گووتبووی ئێمە فڕۆکەی وامان نیە و من هەوڵ دەدەم خەتێکت بۆ پەیدا بکەم لەڕێگەی دوبەیەوە، بەڵام لەگەڕانەوەدا دەبێت زیادلەسێ ڕۆژ لە دوبەی بمێنیتەوە و فاکسێکی نارد کە دیاربوو لەکۆمپیتەرەکەی خۆیان دەریان هێنابوو، زانیاری گشتی لەسەر ئەو گەشتە تێدا بوو بەڵام بەناوی ئێراق ئێر لاین!!، کێشەنیە، بەڵام ئەوە حیجز نەبوو، من بە خوشکم گووت ئەمانە دەستی دەستیت پێدەکەن و بازیاتر پارەنەدەین بەتەلفۆن ومۆبایل. ئیدی بەهۆی ئەمەوە سەفەری کوردستان شکستی هێنا، چونکە مۆڵەتەکە دەستپێکردوو و خوشکیشم بەوپەلەیە هیچ فڕۆکەیەکی گونجاوی دەستنەکەوت، کەچی سەرەڕای ئەوەش (باسمە) زۆر بێشەرمانە تەلفۆنی کردبوو بۆ شوێنی کارەکەی خوشکم و پێیگوتبوو شتێکم بۆ پەیدا کردوویت دەتوانیت بێت بۆ فرانکفۆرت و لەوێوە بفریت. . خوشکم گووتبوی بەداخەوە تازە ناتوانم چونکە من گومانم هەیە لەهەموو زانیاریەکانتان، باسمەخان بەعەرەبیەکی لەهجەعێراقی سەرجادەی ناشرین گوتبووی: لیش انت تسافرین بکیفك!!، بەمانای بۆتۆ بەئارەزووی خۆت سەفەر دەکەیت، خوشکیشم گوتبووی: بۆ خانم ئەی بەئارەزووی کێ سەفەر بکەم. باسمەی کوردستان ئێرلاین بێشەرمانە تەلفۆنەکەی داخستبۆوە بەڕووی خوشکمدا، لەگەڵ ئەوەی ئەو تەلفۆنی کردووە. .

ئەمەیە ئوسوڵی تەلفۆنات کردنی ئۆفیسی کوردستان ئێرلاین لە فرانکفۆرت. ئێمەش هەر قسەمان نەکرد و بەخوشکم گووت: ڕاستە ئێمە دەتوانین ئێستا لەڕێگەی پارەزێرەکەمانەوە کوردستان ئێرلاین بهێنینە بەردەم دادگا، لەبەر ئەوەی فاکس و تەلفۆنات و تەنانەت دەنگەدەنگی باسمە کەلەگەڵ خوشکمدا لەتەلفۆنی سەر ئیشەکەی کردوویەتی و ئەوانی دیکە گوێیان لێبووە و ژمارەی بیرۆی کوردستان ئێرلاین لەسەر جیهازی شوێنی کارەکە هەیە و هەموو فاکسەکانمان هەیە دەتوانین بەئاسانی غەرامە و کێشەی یاساییان بکەین، بەڵام نابێت بەهۆی ئافرەتێکی عەرەبی نامەسئولی کوردستان ئێرلاین، لەئێستاوە چاوی گومانی حکومەتی ئەڵمانی و پۆلیسی ئەڵمانی بچێتەسەر و هەوڵدەدەین و کوردانە لەڕێگەی نوسینێکی سەر تۆڕی ئینتەرنێت یاوەکو ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئەم گلەییە ئاشکرا بکەین و تاوەکو بزانین کێ ئەم جۆرە کەسە نامەسئولانەی لەو شوێنەدا داناوە؟، کەبەعسیانە تەلفۆن بەڕوماندا دادەخاتەوە بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کەکاتێك تۆ تەلفۆن بکەیت بۆ هەرکەسێك وەك ئەوە وایە لەدەرگای ماڵچەکەت دابێت، جچای بێتو لەماڵی خۆیدا ئیهانەی بکەی. . .

دوای دوو ڕۆژ ئافرەتێك تەلفۆنی بۆکردم گووتی من باسمەم لەکوردستان ئێرلاینەوە، من زۆر دڵم خۆش بوو چاوەڕێی ئەوەم دەکرد کەسەرەڕای ئەو زەرەدە گەورەیەی لەخوشکمی داوە، دوای لێبوردن بکات کەچی وەك ئەوەی هیچ نەبوویێت گووتی: بەخوشکەکەت بڵێ کەئێمە لە 19. 09. 2005 دا فڕۆکەی ڕاستەوخۆمان هەیە بۆ هەولێر. منیش ئەمە بە شێوەیەك لەداوای لێبوردن تێگەیشتم و بەهێمنیەوە گوتم: من سوپاست دەکەم و ئەوەی پێ ڕادەگەیەنم، بەڵام خوشکم زیزە لەبەڕێزتان و. . . . ئیدی باسمەخان تەلفۆنەکەی بەڕوومدا داخستەوە. . .

ئیدی حوکمی ئەخلاقی بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵم.

تێبینی:

من هیچی دیکە ناڵێم و هێشتا کوردانە و خۆمانە هەڵس و کەوت دەکەم و دوای ڕوونکردنەوە و چاوەڕێی داوی لێبوردنی ڕەسمی ئەو خانمە عەرەبە دەکەم لەبەرامبەرمان.

ئیسماعیل حەمەلاو
بەرواری 15. September 2005